ئەرێ زانیتان دکتۆر مارف خەزنەداریش مامۆستای سەدام بووە!!

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

ماوەیەک لەمەو بەر ، کەناڵی (العربیة) ، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کچەکەی سەدامی دیکتاتۆردا سازدا. رۆژنامەوانەکە ،پرسیارێکی دەربارەی مەسەلەی ئەنفال، لەکچەکەی سەدام کرد. ئەویش زۆر بە راشکاوانە ووتی، (باوکم زۆردۆستی کوردبووە ، تەنانەت لەسالانی حەفتادا خۆی فێری زمانی کوردی کردووە!!) ، لەگەڵ قسەکانیشیدا ، فیلمێکی پیشاندا ، کەچۆن سەدام وانەی کوردی دەخوێنێت . ئەوەی کەزۆر سەیربوو لام و تەواو سەرمی تووشی سەرئێشەکرد ، یەکێک لە مامۆستاکانی سەدام ، دکتۆر مارف خەزنەدار بوو. من کەدیمەنەکەم بینی ، باوەڕم نەکرد ، هیچکاتێکیش لەو باوەرەدا نەبووم کەئەو دیمەنانە ، ئەو وێنانە، ئەو ڤیگوورانە ، ئەو کەسە، دکتۆر مارف خەزنەداربێت . ئاخر چۆن باوەربکەم ، کەسێک مێژووی ئەدەبی کوردی نووسیبێت ، ببێتە مامۆستای سەدام ؟؟!! . بەڵام بەداخەوە ، ئەفسووس هەزارجاریتریش ئەفسووس ، بەڵی ئەوە ئووستازی!! زمانی کوردیە . بەراستی وای لێهاتووە ، کە خوێنەری کورد ، بەگوومانێکی زۆرەوە ، بۆ هەموو نووسەرێک بروانێت . ئاخر کێ باوەڕی دەکرد ، کەسێکی وەکوو ئەم بەرێزە ، ببێتە مامۆستای ، درندەترین و وەحشیترین ، مرۆڤی سەر ئەم ڕووی زەمینە . سەیر لەوەدایە ، چەندین ساڵە مارف خەزنەدار ، باسی ئەوەی بۆ نەکردووین ، کە وانەی کوردی بەخوێندکارانی عەرەب دەڵێتەوە، جاران وامان دەزانی کە مارف خەزنەدار تەنهاخوێندکاری کوردی هەیە، کەچی نەمازانی سەرۆکی فەرماندەش خوێندکاری مامۆستا بووە!. لەهەمووشی ناخۆشتر ،پێش ئەوەی ناوی سیانی ئەم بەرێزە بڵێیت ، دەبێت چەندین نازناو لە پێش ناوەکەیدا بۆ دابنێیت :
(مامۆستا ، ڕووناکبیر ، پرۆفیسۆر ، ئەدیبی گەورە ، نووسەری مەزنی ، ئینجا دکتۆر مارف!!) . قوورمان بەسەر ، لەمەولا نازناوێکی تریشی بۆ زیادبوو ، ئەویش (مامۆستاکەی سەدام حوسێن، یان مامۆستای کۆشکی کۆماری) . ئاخر گەلێک ئەمە هەڵوێستی رووناکبیر و کەڵە ئەدیبەکانی بێت ، ئاخۆ هەڵوێستی کۆلکە نووسەرەکانی چۆن بێت . لەهەمووشی سەیرتر ، گەر نووسەرێک لەهەولێر ، ئەم راستیە بڵاوبکاتەوە ، دوور نییە پارتی نەیگرێت . ئاخر ئەمانە هەروەک جاریجاران (دۆستی ئازیزی دەسەڵاتدارانن!!) . پارتی و یەکێتی ، چەندین ساڵە بەم تراژیدیایە رایانهێناوین ، کە زۆر ئاسایی بێت گەر (سەرۆک جاشێک ، کەبەشداری ئەنفالی کردووەو دەستی بەخوێنیێ گەل سوورە ، نازناوی ، شێر و شۆرشگێری لێبنێین. زۆرئاساییە ، گەر مۆسیقاژەنێک ، لە{یوم المحافظه }دا ، کچۆڵەی ناسکی کوردی بەپرچ بۆ بەردەم پارێزگاری راکێشابێت ، گۆرانی { وطن المدی} ی ووتبێت .کەچی ئەمرۆ زۆر بێ شەرمانە ، سروودی { وا وەطەن و خوایەوەطەن} لەسەر تیڤیەکانیانەوە بەکچانی کورد بڵێت. زۆر ئاساییە ، گەر سەرۆکی نووسەرانی کورد لەسەردەمی سەدامدا ، پیرۆزبایی بۆ سەرۆک بنێرێت ، ئەمرۆش هەمان **کەس**! سەرۆکی نووسەرانی کوردبێت ، بەهەمان شێوەش پیرۆزبایی بۆ سەرۆکی نوێ بنێرێت!) . زۆرئاساییە ،بەڵی زۆرئاساییە ، هەموو شتێک زۆر ئاساییە ، بەلام تەنها شتێک کەئاسایی نییە ، (پێشمەرگەیەکی کۆن ، ببێتە ئەندامی کۆنگرەو رەخنە بگرێت. زۆرعەجاییە، مۆسیقاژەنێکی کوردپەروەر ، لەسەر تیڤیەکوردیەکانەوە گۆرانی بڵێت . بڤەیەکی گەورەیە ، شاعیرێکی وەکوو پەشێو ، بێتە سەرۆکی نووسەران .

بابەس دەستی تاوان بۆ ئەم و ئەو درێژبکەین ، بابەس بڵێین ئێمە هەموو باش بووین ، بەلام خەڵکی تر خراپ بوو . تاکەی جاش و نۆکەرو خائین ، بەنارەوا حوکمی ئەم گەلە ژێردەستە و هەژارە بکەن . تاکەی تاکەی،،،،،،،، .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com